پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر بچووایەتە سەر جێگاکەی فووی دەکردە نێو دەستەکانی، وموعەویزاتی دەخوێند، وپاشان دەستەکانی مەسح دەکرد بەسەر لاشەیدا

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر بچووایەتە سەر جێگاکەی فووی* دەکردە نێو دەستەکانی، وموعەویزاتی** دەخوێند، وپاشان دەستەکانی مەسح دەکرد بەسەر لاشەیدا». ولە گێڕانەوەیەکدا: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر هەر شەوێک بچووایەتە سەر جێگاکەی، هەردوو دەستەکانی پێکەوە دەلکاند وفووی دەکردە نێویاندا، وپاشان ئەم سورەتانەی دەخوێند: «قل هو الله أحد - سورەتی الإخلاص-، وقل أعوذ برب الفلق -سورەتی الفلق-، وقل أعوذ برب الناس -سورەتی الناس-» پاشان بە هەردوو دەستی لاشەی مەسح دەکرد بە هەرشوێنێک بیتوانیایە دەستی پێبگات، سەرەتا لە سەری ودەموچاوی، وپێشەوەی لاشەی دەستپێدەکرد، ئەمەی سێ جار ئەنجامدەدا». *(مەبەست لێرەدا فووکردنە بە دەرکردنی سەری زمان کە هەندێک تەڕی ئاوی ناو دەمی لەگەڵ دەردەچێت، وەکو تفکردن نیە، لە زمانی عەرەبی پێی دەووترێت -نَفث-). **(موعەیزات: واتا -سورەتەکانی الإخلاص والفلق والناس-).

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

دایکی ئیمانداران عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- ئەم سونەتەمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەرشەوێک بچووایەتە سەر جێگاکەی هەردوو دەستی دەلکاند بەیەکدا وفووی تێدا دەکرد بە فوویەکی کەم کە ئاوی ناو دەمی زۆر بە کەمی لەگەڵدا بێت (واتە تف نەبێت، پێی دەووترێت: نَفث)، وهەر سێ سورەتی (الإخلاص والفلق والناس)ی دەخوێند لە ناو لەپەکانی، فووی بکردایە پاشان بیانی خوێندایە، یان بیانی خوێندایە پاشان فووی بکردایە، هەردووکی دروستە چونکە فەرموودەکە باسی ڕێزبەندیان ناکات، پاشان بە هەردوو دەستی لاشەی مەسح دەکرد بە هەرشوێنێک بیتوانیایە دەستی پێبگات؛ سەرەتا سەری ودەموچاوی مەسح دەکرد، وپاشان پێشەوەی لاشەی، ئەم کردەوەی سێ جار دووبارە دەکردەوە، لە خوێندن وفووکردن ومەسح کردنی لاشە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5879